# هەورامان ٥٢ ساڵ پێش ئێستا



**سەفەر کەریم هاواری**

هینی هارۆڵد: هەورامییەکان تەنها پێویستیان بە (نەوت)ە، چونکە هەموو پێداویستییەکانی دیکەی ژیانیان بە هۆی زیرەکی و دەسترەنگینیانەوە دابینکردووە.

د. ئاشتی هەورامی: کاتێک ئێمە کوردستان دەخەینە سەر نەخشەی وزەی جیهان، دەیانەوێ لەو هەڵمەتە رامانبگرن، چونکە وابیردەکەنەوە کە بەو کارە کورد بەرەو سەربەخۆیی دەڕوات.

لە هاوینی ساڵی ١٩٥٧دا خانمێکی بەریتانی بەناوی (هینی هارۆڵد) دێتە کوردستان کە یەکێک بووە لە ئەندامانی لیژنەی پرۆژەی ئاوی دۆکان، کاتێک گوێبیستی دەسترەنگینی خەڵکی هەورامان دەبێت بڕیار دەدات سەردانیان بکات، سەرەتا دەچێتە شاری هەڵەبجەو پاشان بۆ هەورامان بەتایبەت (بیارەو بەڵخەو تەوێڵە).

مەبەستی سەردانی ئەم خانمە بۆ هەورامان کۆکردنەوەی زانیاری بووە لەسەر ژیانی هەورامییەکان و ئەو کەلوپەلانەی کە خۆیان دروستی دەکەن، زۆرێک لەو کەلوپەلانە کۆدەکاتەوەو لەگەڵ خۆیدا دەیانبات بۆ مۆزەخانەیەک لە (دانیمارک) وەک (مەشکە، کوندەی ئاو، کلاشی هەورامی، تەشی، شانە، کلدانی چاوڕشتن و دەزگایەکی جۆلایی) زۆر زانیاری گرنگ کۆدەکاتەوە لەسەر هەورامان بۆ بەشی (کۆمەڵناسی) لە مۆزەخانەی دانیمارک.

(هینی هارۆڵد) دەڵێت: هەورامییەکان هەموو پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان دابینکردووە، پێویستیان بەهیچ کەرەسەیەک نییە تەنها (نەوت) نەبێت!

ئەم وتارەی لە هاوینی ساڵی ١٩٥٧دا بڵاوکردۆتەوە بەبێ هیچ مەبەستێکی شاراوە، هاوکات شانازییە بۆ نەتەوەی کورد لە سەردەمی کابینەی پێنجی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا توانرا بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردا نەوتی خۆی رەوانەی دەرەوە بکات، کە بووە جێگەی مەترسی بۆ هەموو نەیارانی کورد، لە یەکەم رۆژی راگەیاندنییەوە تا ئەورۆ چەندین جار هێرشی ناڕەوا دەکرێتە سەر ئەم دەسکەوتە گرنگەی کورد، دوا هێرش و گەمترینیان کە لە ئەنجامی کێشەی نێوان بۆرسەی نەرویجی و کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ) دروستبوو، لە رێگەی دەزگا راگەیاندنەکانی بیانی و هەندێ ناوخۆیشەوە هێرشێکی کوێرانەو ناڕەوا کرایە سەر وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان. ئەمڕۆ دوژمنانی کورد لەوە دەترسن کە کوردستان بخرێتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی بەرەو سەربەخۆیی بڕوات، بەڵام دڵنیابن دوور یا نزیک بە پێی رووداوەکانی مێژوو کورد بە هیواو ئاواتەکانی دەگات، سادەترین نمونەش ئەو نمونەی (هینی هارۆڵد)ە کە پێش ٥٢ ساڵ ئەو زانیارییەی دەربارەی کوردستان و هەورامان بەتایبەتی خستۆتەڕوو، ئەورۆش کوردستان چۆن دەبینن، دەبێت پاش ٥٢ ساڵی دیکە کورد بگاتە کوێ؟!

## یارییەکانی کوردەواری

### قاقایانێ

یاریەکی کوردەوارییە بەزۆری کچەکان ئەم یارییە دەکەن بە (٦) بەرد، ژمارەی کەسەکانیش دیار نییە. لەم یارییە بەردێک هەڵ دەدەینە ئاسمان یەک یەک بەردەکانی سەر زەوی هەڵ دەگرینەوە بەڵام ئەگەر بەردەکەی ئاسمان بکەوێتە خوارەوە دەکا دۆڕای، ئینجا دەتوانین لەجیاتی بەردێک هەڵگریەوە دووان یان سێیان یان چواران یان هەر پێنجەمی هەڵ بگرینەوە، ئەمەش بە پێنج قۆناغ دەکرێت قۆناغێکی دیکەش هەیە کە پێی دەڵێن (گزە) پێنج بەرد هەڵ دەدەین بۆ سەر زەوی بەردێکیشمان بەدەستەوەیە یەک یەک بەردەکان هەڵ دەگرین بەردەکەی دەستیشمان هەڵ دەدەینە ئاسمان نابێ ئەو بەردانەش بەر یەکتری بکەون و بجولێن، ئەگەر بەر یەکترن بکەوێ یان بجولێن ئەوا دۆڕاوە ئاخر قۆناغیشی پێی دەڵێن (مەلا) بەدەستی چەپمان پەنجەی ئەسپێ کوژەو شەهادە نوێژە لەسەر زەوی دادەنێین و دەیکەینەوە هەر پێنج بەردەکەشی هەڵ دەدەینەوە زەوی، کەسی بەرامبەرمان بەردێک دەکاتە (مەلا) ئینجا بەردەکانی دیکە یەک یەک دەبەینە ژوورێ واتە نێوان پەنجەکانمان، ئەگەر یەکێک لەبەردەکان بەر مەلا بکەوێت ئەوا دەدۆڕێنی ئەگەر بەر نەکەوت یان ئەو بەردەی کە هەڵمان دایتە ئاسمان بەرنەبیتەوە ئەوا دەبەینەوە.

**ئا: محەمەد ساڵح**

# لەتەک فۆلکلۆرپەروەران

**هۆشیار نوری لەک**

کەسانێک هەن زۆر بەدڵسۆزی هەوڵیان داوە، ئەوەی لەناخی بەساڵاچواندا هەبووە، یا هەگبەی پیرەژن و پیرمێردەکان هەیە، هەڵیبرێژی و بیخاتە سەر رووپەڕی کاغەزەوە، ئەمەش ئەرکێکی پیرۆز و شایستەیە، یەکێ لەو مرۆڤە (فۆلکلۆرپەروەران)ە، بەڕێز سەعدوڵڵا شێخانی)یە. ئەو قەڵەم بەدەستە، ناوی تەواوی (حاجی سەعدوڵڵا ئیسماعیل تەها)یە، لەساڵی (١٩٦٣) لە گوندی (بایز ئاغای) دەشتی کۆیە لەدایکبووە، تا قۆناغی ناوەندی خوێندووە، دووژنی هێناوە و خودان (٦) کوڕ و (٢) کچە. کاکە سەعدوڵڵا لەساڵی (١٩٨٠) یەکەم بەرهەمی لەرۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە، خودان چەندین کتێبی (فۆلکلۆری)یە وەکو (فۆلکلۆری کوردی-١٩٨٥، گوڵبژێرێک لە فۆلکلۆری کوردی دا ١٩٨٥، چیرۆک و بەیتی (لاس و غەزاڵ، زەمبیل فرۆش ١٩٨٦، فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری ١٩٨٦، تێکستی چەند هەقایەتێکی فۆلکلۆری کوردی ١٩٨٧، حەیران و مەرگی غەریبان ١٩٨٧، سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد ١٩٨٨، سێ سەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ١٩٩٠، چەند کتێبێکی دیکەی لەبەر دەستدایە، جگە لەوەش یارمەتی زیاتر لە پەنجا نووسەری کردووە بۆ لە چاپدانی کتێبەکاندا، کە لەبڵاوکراوەکانی سەعدوڵڵا شێخانی بووە. ئەم بەڕێزە پێیوایە (حەیران) لەناوچەی (قەراج و کەندێناوە) سەریهەڵداوە دواتر پەڕیوەتەوە دەڤەرەکانی دیکە، پێشی وایە مەرجی حەیرانبێژ (سەربەند و ناوبەند، دوابەندی) یەک بگرێتەوە، وا چاکە بەمشێوەیە دەست پێدەکات هەندێک دەڵێن (بەوێ سبیانێ، بەوێ هێوارێ، حەیران دەرێم، حەیران دەوجا دەرێم)، سەبارەت بەووشەی حەیرانیش دەڵێ مانای (بەقوربان، شێت و شەیدا، گراو، یار ) بەراگیرپوون دێت.

کاکە سەعدوڵڵا دەڵێ مەست دەبم بەگوێ بیست بوونی (حەیران) بەتایبەتی دەنگی حەسەن حەیران، بەسەر قافڵەی حەیرانبێژانی دادەنێ، لەوانەی ئێستاش دەنگی مام نەجات، سولێمان قەرەچوغی زۆرانی دیکەی بەدڵە.

ئەم بەڕێزە پێیوایە کاتی خۆی چاپکردن ئەوها سادەو ساکار نەبووە، جگە لەوەش ئەوانەی کاری (تایپ) یان دەکرد (عەرەب) یا (مەسیحی) بوونە بۆیە (هەڵەی چاپ)ی زۆر تێدابووە، کەچی ئێستا بەجوانترین شێوە چاپ دەکرێ، بەڵام بەداخەوە، زۆر هاوکاری (فۆلکلۆرپەروەران) ناکرێ کاتی دەیانەوێت کتێبک، بەچاپ بگەیەنن، هەروەها پێیوایە راگەیاندن بەگشتی کەمتەرخەمە بۆ دیارخستنی کەسانی شارەزای ئەم بوارە و تەنانەت خزمەتکردنی رەسەنایەتی بەگشتی.

سەبارەت بە نازناوی (شێخانی) یش دەڵێ من چونکە لە هۆزی (شێخان)م، بۆیە هەر پێیان دەگوتم (شێخانی) بۆیە بەم نازناوە ناسرام، لە هەموو کتێبەکانم زیاتر بەکتێبی (شێخان و شێخان بەگی) ماندووتربووم، چونکە ماڵ بەماڵ و گوند بەگوندی ئەم هۆزە دەگەڕام تا کتێبەکەی لێ هاتەبەرهەم.

کاکە سەعدوڵڵا..یادگارییەک دەگێڕێتەوە و دەڵێ من و (م.داود شرۆڵ) چوینە بەغدا بۆ هێنانەوەی کتێبی(گوڵمێک لەرەوسەی کوردەواری) لەهاتنەوە لەخۆشیان ئاگامان لەخۆمان نەبوو زۆر پێی دڵخۆش بووین، (ئۆتۆمبێل)ەکەمان وەرگەڕا گشت کتێبەکان هەریەکە و بەلایەک بڵاوبۆوە، تاکۆمان کردەوە زۆر هیلاک بووین.

لە کۆتاییدا شێخانی دەڵێ باهەموومان خەمێک لە کەلتووری نەتەوەکەمان بخۆین تا زیاتر بەنەوەکانی ئێستاو رابردووی ئاشنا بکەین، پێشی وایە ئەم کەلەپوورە هەر بەزیندوویی دەمێنێ و نافەوتێ، پێویستە رێز لە فۆلکلۆرپەروەران بگیرێ.

ئێمەش هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ کاکە (سەعدوڵڵا شێخانی) دەخوازین بەئومێدین دووبارە بەگوڕوتینێکی باشتربێتەوە مەیدانەکە و بتوانێ زیاتر خزمەتی فۆلکلۆر بکات، ئەم دەستنوسانەی کە کۆی کردۆتەوە، بەچاپی بگەینێ و دڵی (فۆلکلۆرپەروەران)و خوێنەران بەگشتی خۆش بکات و چاویان رۆشن بکات.



سەعدوڵڵا شێخانی - باکوری- حاجی عوسمان قەساب - سادق هەریری

## قسەی نەستەقی کوردەواری

* ئەوی بەزۆر بینێرن بۆ مازوو، بەداردا دەڕوانێ.

- هەر کارێک بەزۆر بسەپێنرێ بەسەر هەر کەسێکدا، چاوەڕێی ئەنجامی پڕ سوودو خێری لێناکرێ.

* به تەمای دراوسێ بی، بێ نان دەبێ.

- واتا پیاو نابێ بە تەمای ئەم و ئەو بێ لە ژیاندا، تەنها دەبێ بڕوای بەخۆی بێ و خۆی ئیش بکات و نانی خۆی و ماڵ و منداڵی پەیدا بکات، ئەگەر نا ئەوا بێ شێو و بێ هاورێ سەردەنێتەوە.

* بیانووی تڕ نانی جۆیە.

- واتا یەکێک بیانووێک بهێنیتەوە کە لە شوێنی خۆی نەبێ، هەروەک قوتابییەک لە تاقیکردنەوە دەرناچێ، دەڵێ مامۆستا رقی لێمە.

* بانێکەو دوو هەوا.

- ئەوە پەندێکی زۆر بڵاوە، رووداوی بووک و خەسووێکە، دەڵێن ژنێک کوڕ و کچێکی دەبێ، کوڕە ژن دەهێنێ و کچەش شوودەکات، شەو هەموویان لەسەر یەک بان دەنوون، خەسوو دەچێتە لای کوڕەکەی و ژنەکەی کە بەیەکەوە نووساون، پێیان دەڵێ: گەرمایە بۆچی واپێکەوە نووساون، هەروەها دەچێتە لای کچەکەی و زاواکەی و پێیان دەڵێ: رۆڵە دنیا بەرەو سەرما دەڕوات، لە یەک نزیکبکەونەوەو، بەیەکدییەوە بنووسێن با سەرماتان نەبێ.

ئەم پەندە لەسەر ئاستی سیاسیش بەکاردێت.

# هیچی شارییەک و بوێری گوندییەک



رەزا سەید گوڵ بەرزنجی

لەکوردەواریدا کەسانی واهەبوون و هەنە، بێ ئەوەی چووبنە قوتابخانە یا لەحوجرەدا خوێندبێتیان قسە و کردەوەیان یەکجێ و راست و رەوان بۆ هاتووە، بێ ئەوەی دابمێنێ و بیر بکاتەوە یەکسەر وەڵامی لەجێگەی پرسیار راست و رەپ داناوەو، بەرامبەرەکەی و خەڵکی سەرسام کردووە، بۆ هاتنەکەی وەکو ئەوە وایە بزمار لەسەر بزمار دابکوتێ، قسەی لە جێگەی قسەدایتەوە، پێموایە ئەمە بۆ بەهرە و سەلیقە و بیرتیژی دەگەڕێتەوە کە خوا بەهەندێ کەسانی بەخشیوە و زۆرینەشی لێ بێبەش کردووە، جارێکیان جەژن بوو سەیرم کرد شاعیری خوالێخۆشبوو (مەسعود بێبەش) بەرەو رووم دەهات، یەک هەنگاو نێوانمان مابوو هەربەدەم رۆیشتنەوە گوتم: مامۆستا جەژنت پیرۆزبی... یەکسەر وەڵامیدامەوە و گوتی: هەرواقیت و قۆز بی. تێکپەڕبن و هیچی کەش.

ئەو کەسانەی ئەو بەهرەیەیان پێیە، ئێستاش لێرەولەوێ ماون، ئەوجا ئەوان کەسانە ئەو بەهرەیان لەکۆڕ و دانیشتنەکانی نێو مزگەوت و ناو دیوەخانەکان و بۆنە کۆمەڵایەتیەکان بەدیار دەکەوێ و هەر لەو دەمەتەقێیانەشدا بەهرە و توانایان رۆژ بەرۆژ زێتر و جوانتر دەبێ و سەلیقەی قسەیان رەوانتر و دەست و بردتر دەبێت.. شایەرە میللیەکانمان نموونە و هەڵگری ئەو بەهرەیەن، بۆ ئێرە دوو رووداو دەخەمە بەرچاوودیدی خوێندەواران کە لەناو کوردەواری خۆماندا روویانداوە..

یەکەمیان: دەگێڕنەوە لەدێر زەمانەوە سوپایەک بۆ حەوانەوە و پشوودان ئۆردی خۆی لەشاری پیرە هەولێرێ دادەنێ، سەر لەشکرەکە داوا لەپیاوەکانی خۆیدەکات بچن هەرچی پیاوی شارەکەیە، بانگهێشت بکەن بێنەکنی، هەموو تێکڕا فەرمانی سەر لەشکریان بەپیاوەکان گەیاند و ئامادەبوون، سەر لەشکرەکە پرسی کەس ماوە بێت، یەکێک لە پیاوەکانی خۆی گوتی: بەڵێ گەورەم پیاوێکی پیرماوە و نەهاتووە، گوتی من هیچ ئیشم بەسەر لەشکرەکەتانەوە نییە، گەر ئەو ئیشێک کارێکی هەیە دەتوانی بێتەلام.

سەرلەشکر تووڕە دەبێت، لەوکاتەشدا قوتە دارێکی بەدەستەوە دەبێت و بەپیاوەکەی دەڵێت کەس هەیە بتوانێ فەرمان و قسەی من بشکێنێ.. لەحەژمەت تووڕەییەکەی جارجار قوتەدارەکەی دەستی لەرانی خۆی دەکوتاو گوتی: بڕۆن بیهێنن، دیسان دێنەوە لای سەر لەشکرەکەیان و دەڵێن قوربان نەهات، هەمان قسەی پێشووی کردەوە گوتی ئەگەر ئەو ئیشی هەیە باخۆی بێت.

تووڕەییەکەی هێندەیتر غەڵبە دەکاتە سەری و، بەو قین و تووڕەییەوە دەچێتە لای کابرای پیر و یەکە و قسە دەڵێت تۆ چیت بەدەم قسەی منەوە نەهاتی و فەرمانی منت شکاند...

وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت (هیچ)

سەر لەشکر دەڵێت     چۆن (هیچ)

پیرە ەڵێت هیچم و ئەه...! دە بزانم تۆ چیت؟!

من سەرکردەی ئەو لەشکرەم

پاشان دەبیتە چی؟

سەر لەشکرەکە پلەکانی سەربازی کە بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت یەک بەدوای یەکدا بۆ پیاوە پیرەکە دەڵێت، پیاوە پیرەکە دیسان لێی دەپرسێتەوە... پاش ئەو هەموو پلە و پایانە دەبیتە چی؟ سەر لەشکرەکە دێتەوە وەڵام و دەڵێت (هیچ) ئەوجا پیاوە پیرەکە پێی دەڵێت تۆ پاش ئەو حەمکە ساڵ و ماندووبوونە ئەوجا دەگەیتە پلەوپایەی من، من لە ئێستاکەوە (هیچ)م.

سەر لەشکرەکە سارد دەبێتەوە و دەڵێت بەخوا راستدەکەیت و تۆ لە من ئاقڵتری و پشتی تێدەکات و دەڕوات.

ئەمە نموونەیەک بوو کەبەسەدان و هەزاران لەمجۆرە قسانەمان لە کوردەواریدا هەیە، کە کارامەیی و قسەزانی و لێهاتووی تاکی کورد بەدیار دەخات کە قسە لەجێگەی قسە دەداتەوە، بەبێ دواکەوتن، دیارە وەکو لە پێشدا گوتم بەهرەیەکی خواییە و وەلێ دەبێت بوێریشی لەگەڵدا هەبێت.

## هەر جارەی دانەیەک لە مرواریيەکانی رشتەی مرواری

* شەوی پازدەی مانگی شەعبان بەدەستووری کوردەواری پێی دەڵێن (شەوی بەرات) و ئەو شەوە نیمچە جەژنێکە، منداڵان هەر لە پاش نوێژی شێوانەوە کۆدەبنەوەو بەماڵاندا دەسووڕێنەوە، ئەم شیعرانەیان بۆخۆیان هەڵبەستووە، دەچنە بەر دەرگای هەرماڵێک بەدەنگی بەرز و بە نەزم تێکڕا دەیخوێننەوە، ماڵەکەش هەر شتێکیان هەبێ بۆیان دێنن.

شیعرەکانیش ئەمامەن:

شەوی شەوی بەراتێ

خوا دوو کوڕو کچێکتان بداتێ

سفرە بێننە جەماتێ

خاتوونێ دەست بەزێڕێ

دەست لە کەندوان بگێڕێ

بەشی منداڵان بنێرێ.






**ئا: هاشم خۆرانی**
**وێنە: چیا چۆمانی**

کێلە شین، ڕێڕەوێکە، لەنێوان عێراق و ئێراندا، ڕەواندوز و شنۆ پێک دەبەستێتەوە، لەباکووری ڕایەت بە گەلییەک تێدەپەڕی بەلای سنووری ئێران ئاودیو دەبیت، هەر لەم شوێنە تاشە بەردێ لەزەوی چەقێنراوە، مێژووی ئەو بەردە بۆ ساڵی (٨١٤ پ.ز) دەگەڕێتەوە، بۆ سەردەمی (ئۆرارتۆ) پادشای کلدەکان، بەهەردوو زمانی کلد و ئاشووری بەخەتی مزماری، شەڕەکانی خۆی و دەسەڵات و ڕێنماییەکانی لەسەر ئەم تاشەبەردە نووسیوە، هەندێ سەرچاوە دەڵێن ژمارەی بەردەکان سێ بەردە. کاتێ سەرچاوەکانی مێژوو کەباسی (کێلە شین) دەکەن دەڵێن، هەر لە ڕۆژگاری کۆنەوە، لەنێوان (نەینەوا) پایتەختی ئاشوورییەکان و (هەمەدان) پایتەختی میدیەکان، بەم ڕێگایەوە وەک پردێ پێکی بەستوونەتەوە، هەربۆیە بەڕێڕەوێکی مێژوویی دەژمێردرێ لەرووی بازرگانی و سەربازییەوە. ئەم شوێنە گرنگییەکی زۆر ستراتیژی هەبووە لەنێوان ئەم دوو ئیمپڕاتۆریەتە. تا ئێستاش کیلەشین شوێنێکی کوێستانی و پڕ لەوەڕگایە بۆ بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات، ئاووهەوایەکی خۆش و سازگاری هەیە هەتا چلەی هاوینیش نەو بەهارێکی جوان و رازاوە و دڵگیرو بەهەوەستە، گەلێ جار ناکۆکی و شەڕ و ئاژاوە لەنێوان خێڵ و هۆزە کۆچەرییەکان بەرپابووە، لەسەر لەوەڕگا و پاوانەکانی ئەم شوێنە بۆ بەخێوکردنی پەز و مەڕ و ماڵاتی خۆیان، بەتایبەتی لەنێوان هۆز و خێڵەکانی ئێرە و کوردستانی ئەودیو، ئەم بەردەی کێلەشین، بۆتە نیشانەی دیارخستنی تخوبی سنووری ئەم دیوە و ئەودیوی، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەی نێوانیان هەر لەسەرەتای ئەم مێژووە دوور و درێژە تا دەگاتە مێژووی ئەمڕۆکە.

## پەندی کوردەواری

# بەرد لە جێگای خۆی بەسەنگەو دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە



**پوشۆ خدر قەساب**

گەنج شورای بەهێزی وڵات و بڕبڕەی پشتی نیشتمانە لە هەموو کات و سەردەمێکدا، لە هەموو پێشکەوتن و داهێنان و زانست و بەرگریەکدا نیشتمان چاوی لە دەست و بازووی بەهێزی گەنجە، ئەوەی بە لاوێکی ڕۆشنبیرو خاوەن بڕوانامەو بەهرەمەند دەکرێ یان ئەوەی بە گەنجێکی خاوەن هێزو توناو ئارام دەکرێ مەحاڵە بە مرۆڤێکی کەم ئەزموون بکرێ، کەواتە لاو داینەمۆی وڵاتە فاکتەری بەهێزی رازاوەی شارو بنیاتنانی نیشتمانە.

با هەموو لایەکمان پشت و پەنای گەنج بین لە نێوەندی خوێندن و زانکۆکان، لە سەنتەرو کۆمپانیاو شوێنە گشتییەکان پیشەو خوێندن و زانستیان بۆ دەستەبەر بکەین، خولی تایبەتیان بۆ بکەینەوە، بە مەدەنیەتبوونی گەنج و ڕۆشنبیری گشتی و پەرەپێدانی لاوانی گوندەکان و لادێکان و خزمەتگوزاری زیاتر با لە پێشەوەی کارەکان بێ، کەواتە با لاوانی ئەمڕۆ گۆشەگیرو توندو تیژ نەبن هەر کارێک ببێتە هۆی بەلاوەنانی گەنج کاردانەوەی دەبێ و بیروهۆش و هەستی داهێنانی گەنج تێک دەشکێ و نابێتە مرۆڤێکی بەسوودو لاوێکی داهێنەر، بۆیە پێویستە ژیانی گەنج و ئاسوودەیی گەنج زامن بکرێ، داهاتووی وڵات بە گەنجەوە گەش و ڕوونە، حکومەت و سەنتەرو ڕێکخراوە مەدەنییەکان ئاسانکاری بۆ ژیان گوزەرانی لاوەکانمان مسۆگەر بکەن، هەر لە رووی شوێنی نیشتەجێ و دۆزینەوەی کارو دامەزراندن و وەرگرتنیان لە پەیمانگاو زانکۆکان کە ئەمساڵ جێگای خۆشحاڵی کوڕو کچانی وڵاتمان بوو کە سەداسەد وەرگیران، لە هەمانکاتدا با گەنجان خەون بە هەندەران و سەرابی جادەکانی ئەورووپا نەبینن و نەبنە هاووڵاتی پلە سێ و چواری هەندەران، چونکە (دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە) زۆر گەنج و لاو زێڕو خانووی نیشتەجێ بە باوک و کەسوکاریان فرۆشت بۆ باوەشی خۆشی ئەورووپا، کەچی بوون بە قوربانی دەستی قاچاخچی و خۆراکی قرشەکان، زۆر لاو داب و نەریتی کوردەواری باوک و باپیرانی خۆیان لە بیر کردو تووشی مافیاو گرتن و سنوورداش کراوی بوون، بۆیە کورد دەڵێ: (بەرد لە جێی خۆی بەسەنگە).

# شانازییەکانی گوندی دێرێ لە زمانی مێژووەوە

ئا/ ئیسماعیل حاجی بارۆ

زۆرجار مێژوو دیمەنە جوان و ڕەسەنەکانمان وەک خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، لەناو سەربوردەکاندا دەیان کەڵەشۆڕشگێڕ کارەکتەری سەردەمی خۆیان و جێی متمانەی چواردەوریان بوون، هەموو ئەوانە میللەت لەمێژوو وڵاتیان شانازییان پێوەدەکەن، هەر لە شێخ مەحمودی نەمر و شێخ سەعیدی پیران و بارزانی نەمر...تد، کە هەریەکەیان لەبنەماڵەیەکی خانەدان و عەشیرەتی خاوەن پێگەی خۆیان بوون و سنووری شار و دێهاتەکانیان دیار بووە.

کاتێ تەماشای گوندی دێرێ دەکەین، کە گوندەکی خنجیلانەیە و قەڵاکەی دەکەوێتە ڕۆژئاوای چیای پیرمام، دەشتاییەکانیان لەگەڵ گوندەکانی هەرشەم و میراخوڕ و سەروکانی و سەرسول و دارەبزمارەیە، هەر لەوێیەوە قەڵایەکی بەرز بەرچاو دەکەوێ، شارەزایانی مێژوو پێیان وایە ئەم قەڵایە لەبنیاتنان دەستە خوشکی قەڵای خانزاد و بانەمان بووە، کە لەکاتی خانزادی کچی شاقولی سلێمان بەگ میرنشینی سۆران دروستکراوە، قەڵاکە بە دوونهۆم ١٨ ژووری لەخۆدەگرت، بەڵام بەداخەوە ساڵی ١٩٧٤، حکومەتی ئەوسای عێراق، قەڵاکەی تەختکرد، ئەگەر لەبارەی ڕۆڵی قەڵاکە بدوێین.. لەزۆربەی شۆڕشەکانی کورد پێگەیەکی بەهێزی جوگرافی و سیاسی کەڵەپیاوانی کورد و پێشمەرگە بووە و ئێستاش شوێنەواری ماوە.

ئەم گوندە بەهۆی پێگەی جوگرافی، هۆکاری بەرگری خۆحەشاردانیش بووە لەبەرامبەر هێرشی دوژمن، هەروەک دەبینین دوای فەرمانی دەستگیرکردنی شێخ مەحمودی نەمر لەلایەن دەوڵەتی ئەوسای عوسمانی، دوای ساڵانی ١٩٠٨ ڕوودەکاتە شاری هەولێر و، ماڵی شێخ ساڵح بەرزنجی هاوکاریدەبن، بەڵام بۆ پاراستنی گیانی و سەلامەتی ڕەوانەی گوندی دێرێی دەکەن، ئەوکات مەجید ئاغای گەردی سەرۆک عەشیرەتی گەردییەکان پێشوازییەکی گەرم لەشێخ مەحمود دەکات و بۆ دەربڕینی سوپاسگوزاری پاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، شێخ مەحمود خەنجەری بەرپشتی تایبەتی پێشکەشی مەجید ئاغای گەردی دەکات، بۆیە دەکرێ بڵێین: لەو سەردەمەدا شۆڕشەکانی کورد لەگەڵ چیاکان و گوندەکانیش پشت و پەنای شۆڕشگێڕان بوون.



مەجید ئاغای دێرێ

# باڤێ مە ژ دگەل بکوژە



محەمەد کەریم نانەوا

خدری پورزام، یادی بەخێر بۆی گێڕامەوە گوتی: لە ساڵی (١٩٦٨) لە بەتالیۆنی چواری، سەر بەهێزی کاوە، لە (بەری مەرگە) پێشمەرگە بووم.

ڕۆژێکیان بۆ جل شۆرین و خۆشوشتن، من و دوو هەڤاڵی دیکە چووین بۆ سەر ڕووبار، لە دەم ڕووبار لەبەری مەرگە، بەرامبەری سەنگەسەر، ئاگردانمان ڕێکخست ئاگرمان کردەوە، لە هەمووی خۆشتر ئەوە بوو: (عەلەشیش)ێکمان دەسکەوت بوو، سەرمان بڕی ئاوەڕووتمان کرد، پاشان پارچە پارچەمان کرد، خستمانە ناو مەنجەڵ و هاوێشتمانە سەر ئاگر. هێدی هێدی دەکوڵا، ئێمەش خەریکی جل شۆرین بووین، کاتێک گوێبیستی تەقەی تفەنگ بووین، دیتمان لەبەری ئەو بەری ڕووبار، لەسەر جادەی نێوان ڕانیەو سەنگەسەر، تیمی چاودێری سەربازی دوژمن بۆ ڕێگاو بان، تەقەیان دەکرد، دیتمان پێنج- شەش پێشمەرگەی برایانی بارزانی کەتبوونە بەر دەستڕێژ، بەڵام لە دەم ڕووبار لە شوێنەکە خۆیان قایم کردبوو، شوێنەکە بن گەوەرە شاخ بوو، خۆشبەختانە گوللە نەیدەگرتەوە، بەڵام دەرفەتی دەرچوونیان نەبوو، چونکە لە بانەوە گەمارۆ درابوون، گوتی: ڕووت بووین جلەکانمان تەڕبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستم گەیاندە (بڕنۆ) کەم و سەربازەکانم داگرتن.

کە برا بارزانییەکان دیتیان ئێمە لەسەر بازەکان هاتینە دەست زۆر خۆشحاڵبوون، بانگی ئێمەیان دەکرد دەیانگوت: باڤێ مە ژ دگەل دابکوژە، باڤێ مە ژ د گەل دا بکوژە).

ئیدی سەربازەکان خۆیان لە بەرانبەر بڕنۆی ڕەقەم هەڤدەدا پێ ڕانەگیرا پشتیان داڕۆیشتن، وابوو پێشمەرگەکان دەرفەتیان بۆ ڕەخسا قوتار بوون، بەڵام پاش ماوەیەک دوو ئیڤای پڕاو پڕ سەرباز هاتنەوە گیانمان، بە دۆشکە دایانگرتین، هەر ئەوەندەمان بۆ کرا، جلەکانمان لوولدا قوچاندمان.

یەکێک لەم دوو پێشمەرگەیە کە پێکەوە هاتبووین بۆ جل شۆرین. ناوی (قادر) بوو بە قالە بەراز ناودێر بوو، مەنجەڵی گۆشت عەلەشیش لەسەر ئاگر بوو، مەنجەڵ سۆر ببۆوە، پڕیدایە مەنجەڵی گۆشت و هەڵیگرت و هێنای، خۆمان لە پەنا شاخێک حەشاردا، گوللە نەیدەگرتەوە، قالە بەراز هەردوو ناولەپی دەستی لە تەقەلۆ دەرهات بوو، بەڵام لەسەر ئەم حاڵەش پێدەکەنی دەیگوت: چمە بشکوژرێم لەم گۆشت عەلەشیشە خۆشدەبم، ئیدی دانیشتین، بەبێ ئێوە ناخۆش هەتا (مڕ) بووین گۆشت عەلەشیشمان خوارد.

# شایەری میللی (عەوڵڵا کۆرگڕاوی)



ئا: شوان غەمبار

جێی داخە زۆربەی زۆری شایەرە میللی یەکانمان، مەگەر جاروبار بەزاری پیرە مێردێک یان پیرەژنێک دابێن، دەنا کەس هیچیان لەبارەوە نازانێ بەرهەمەکانیشیان لەبەر ئەوەی تۆمار نەکراون، بوونەتە بەردی بن گۆم بەمردنی هەریەکێک لەوانە گەنجینەیەکی گران بەهامان لەکپس دەچێت کە هەتاهەتایە جێگای پڕنەبێتەوە: عەدەکۆر، تەهامامەر، عەولا جاندار، عەولا کۆر شایەری بەتوانای سەردەمی خۆیان بوون، گەلێ دەقی جوان و نایابیان هەیە، ئەگەر زوو تۆمار نەکرێن و نەنوسرێنەوە لەبیردەچنەوە.

زۆر لەمێژە لە هەوڵ و کۆشش دام، کە بزانم (عەوڵڵا کۆری) گوندی گڕاو چەبووە، کەی لە دایک بووە، چون ژیاوە، کەی مردووە، هیچ سەرە داوێکم نەکەوتە دەست تەنها چەند بەشێکی نەبێ کە هەموویم لەزاری مام (حاجی حەسەن حەمەد گڕاوی) گوێ لێ بووە.

عەولا کۆر لە گوندی گڕاو لە دایک بووە کە ڕەنگە کۆتایی سەدەی (١٩) بووبێ، چونکە وەک مام حاجی حەسەن دەڵێ من تەمەنم (٣٠) ساڵ دەبوو ئەو سەرو ردینی تەواو سپی ببوو، شایانی گوتنە مام حاجی لەدایک بووی ساڵی (١٩٢٣)یە. هەروەک ساڵی لەدایک بوونی دیار نییە مردنیشی هەروەها بەڵام حەمەدی کوڕی حاجی حەسەن دەڵێ، هێشتا شۆڕشی ١٤ی تەمموز بەرپانەببوو عەولا کۆر مردییە.

بەیت بێژو شایەرێکی بەتوانابوو وەک دەڵێن بە (دارو بەردی) هەر دەگۆ، خاوەن دەنگێکی خۆش و بەجۆش بوو پیاوی دەگریاند- دەف ژەنێکی بەتوانابوو، یەک سەعاتی تەواو دەفی لەسەر دەستی هەڵدەسووڕاند بەپتی (بەهنەساو، ڕەسول غول و شانامەو قەڵای دمدم و سەیدەوان و گەلێکی دیکەی دەزانی.

عەولا کۆر شەوی ڕەمەزانان بەکۆڵانەکانی گوندی گڕاو دەگەڕا بەدەم (تەنەکە) لێ دانەوە خەڵکی بۆ پارشیو ئاگادار دەکردەوە، داوای خواپەرستی و ڕۆژو گرتنی لێ دەکردن.

عەولا کۆر زۆر قسە خۆش و سوحبەت چی بوو پیاو لە قسە خۆش و نەستەقەکانی تێرنەدەبوو دڵی خەڵکی خۆش دەکردو خەمی لەبیر دەبردنەوە، بەڵام کەس نازانی ئەم مرۆڤە گەورە بۆ گوندی گڕاو بەجێ دیلێ- چون مرد کەس نازانێ هەندە هەیە لە (نەجەف و کەربەلا) نێژرایە، وەک لە قسەکانی مام (حاجی حەسەن) دەردەکەوێ کەس نەبووە لە گوندی گڕاو پچک و پەلاری عەولا کۆری پێ نەوکەوێ- کەسی نەپاراستیە ئەوەی هاتیتەبەر دەمی نەی گێڕاوەتەوە کەسیش لێی عادز نەبووە، هەزار سڵاو لەگیانی پاکی (مام عەولاو)و هەموو بەیت بێژو بەهرەمەندە ڕەسەنەکانی کوردستان

چەند بەیتێکی عەولا کۆر

(بەیتی جۆران)

**لەبەر حوسێنە جۆری**
**هەریبەستی کارەک و گۆری**
**ژوانێ هەردووکمان بن بەردێ ماقوری**

****

**لەبۆم برێنە عەلی زاوا**
**ماینێ بکا لغاوا**
**ژوانێ هەردووکمان دونگ زاوا**

****

**شەڕ بووە شەڕی جۆران**
**ئیکدیان ڕاکێشا زندۆران**
**قونیان وەکی گرۆران**

****

**قادرێ گۆتە روحانێ**
**لەبۆم (بینەدەر) شەش خانێ**
**منداران ببە بنە بانێ**
**رووحم هاتە جۆلانێ**
**مەولود گەیشتە (سەری کۆرانێ)**

****

**کچێ هەمینێ**
**لەبۆم بینە (تەورزینێ)**
**حەمەد سۆر بوو لەخینێ**

****

**کورە (حەمەدی)فس بۆگەنی**
**لۆخە نخەرەکی لەمەولودی وەناژەنی**

## شمشاڵ و شوان



**ئەژین عەبدوڵڵا عەلی**

شوان و شوانکارەیی و ڕەشماڵنشینی و کۆچەرایەتی لەناو کوردەواریدا لەکۆنەوە هەبووە و ئێستاش لە هەندێ شوێن هەر ماوە و پەیڕەو دەکرێ، بێگومان شوانی کوردەواری دەبێ بڕێ مەڕ و بزن و کەر و سەگێکی هەبێ، مەڕ و بزنەکان بۆ لەوەڕاندن، کەرەکە بۆ سواربوون و سەگەکەش بۆ پاسەوانی، هەروەها شوانەکە بۆ ئەوەی هەست بە غەریبی و دڵتەنگی نەکات شمشاڵێکیش لەگەڵ خۆی دەبات و خۆی فێرە شمشاڵ ژەنین دەکات و چەند ئاوازێکیش لەم و لەو فێر دەبێت و لەکاتی حەسانەوە و هەستکردنی بە ماندوێتی خۆی بەلێدانی شمشاڵ خەریک دەکات، هەر بە ئاوازە جۆراوجۆرەکانی کە فێریان بووە هەست و سۆزی خەڵک بۆ خۆی ڕادەکێشێ و هەندێجار مەڕەکانیش پێ هێور دەکاتەوە، شمشاڵ لەمادەی ئاسن یان مس یان جۆرە کانزایەک دروستکراوە و هەردوولای کونە و لە قەدێکی چەند کونێکی بچووک هەیە، شوانەکە بەگوێرەی ئەو ئاوازەی گەرەکیەتی پەنجەکانی لەسەر ئەو کونە بچووکانە دەجوولێنێ و گوێبیستی ئاوازەکان دەبێت، درێژی شمشاڵیش بە قەدراستەیەک واتە (٣٠) سانتیمەتر، یان هەندێک زیاتر یان کەمتر دەبێت.

**وێنە: کەریم شێخانی**